# بەرنامەی سیاسیی لیستی گۆڕان بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئازاری ٢٠١٠

## تەوەری یەکەم: ئامانجە سیاسییە گشتییەکان

١- پتەوکردنی پرەنسیپەکانی سیستمی دیمۆکراتیی فیدراڵی لەسەر بنچینەی شەراکەتی راستەقینە لەنێو پێکهاتەکانی گەلی عێراق دا لە بوارەکانی بەڕێوەبردنی دامودەزگاکانی دەوڵەتی فیدراڵی و وەرگرتنی بڕیارە ستراتیجییەکان و دابەشکردنی سامان بە شێوەیەکی عادیلانە.

٢- دامەزراندنی ئەنجومەنی فیدراڵی و کاراکردنی بەجۆرێک ببێتە مایەی زامنکردنی مافی هەرێمەکان و دابەشکردنی سەلاحیات لە نێوان دەسەڵاتی فیدراڵی و هەرێمەکاندا

٣- فۆرمۆلەکردنەوەی دامەزراوەکانی دەوڵەتی فیدراڵی بەگوێرەی دەستوری عێراق و پێوەرە نوێیەکان و بەشداریپێکردنی عادیلانەی خەڵکی عێراق لەو دەزگاو دامەزراوایانەدا بەبێ جیاوازی و، پێکهێنانی ئەنجومەن و دامەزراوە فیدراڵییە باڵاکان دور لە شوێنکەوتەیی و بەشبەشێنەی حیزبی و دەستەگەریی تەسک.

٤- چەسپاندنی دەسەڵاتی یاسا و پتەوکردنی سەرەتای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری لە یەکتری و، رێزگرتن لە سەربەخۆیی قەزا و کاراکردنی رۆڵی دادگای فیدراڵی، دور لە بەشبەشێنەی حیزبی و دەست تێوەردانی سیاسی.

٥- دیاریکردنی دەسەڵاتی حیزب و سنوردارکردنی چالاکییەکانی، بەو پێیەی حیزب ئەبێ رێکخراوێکی سیاسیی بێ میلیشیا و بێ دامودەزگای نهێنی و بێ بەرژەوەندیی مۆنۆپۆڵی بێ.

٦- پشتگیریکردنی کۆمەڵی مەدەنی و کارکردن بۆ زامنکردنی سەربەخۆیی سەندیکا و رێکخراوو کۆمەڵەکان و، رێکخستنی کارو چالاکییەکانیان لە رێگەی دەزگایەکی باڵای سەربەخۆ وە، بەشێوەیەک کە خزمەتی بەرژەوەندییە مەدەنی و پیشەییەکانی توێژەکانی کۆمەڵ بکا .

٧- چاککردن وگەشەپێدانی سیستمی ئەمنی لەسەر بنەمای پرۆفیشناڵیی و وەلا بۆ نیشتمان و، چەسپاندنی کۆڵەکەکانی دەوڵەتی قانون و بەرگرتن لە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و دور راگرتنی دەزگا ئەمنیەکان لە ئینتمای حیزبی و دەستەگەریی بەرتەسک.

٨- بەگژاچونەوەی تەنگبینی و تیرۆر و رەگەز پەرستی و دەمارگیری و، قەدەغەکردنی جیاکاری (دیسکریمینەیشن) لەنێوان هاووڵاتیاندا لەسەر بناغەی نەتەوە یان ئاین یان مەزەب یان باوەڕ یان جێندەر یان ئینتیمای حیزبی یاخود پایەی کۆمەڵایەتی.

## تەوەری دووەم: پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵ

١- گرتنەبەری رێگەی ئاشتیانە و دیمۆکراسیانە بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا بەپێی دەستوری عێراق و، لەسەر بناغەی شەراکەتی راستەقینەی سیاسی، بە شێوەیەک ببێتە مایەی جێبەجێکردنی ئەو مادە دەستورییانەی پەیوەندییان بە مافەکانی کورد و دەسەڵاتەکانی هەرێمەوە هەیە، بێ سازش کردن لە سەریان.

٢- کرانەوەی هەرێمی کوردستان بەڕووی سەرجەم عیراقییەکاندا بە بێ جیاوازی، بەمەبەستی کارو وەبەرهێنان وخوێندن و گەشت، هەر وەکو ناوچەکانی دیکەی عیراق.

٣- دروستکردنی متمانە لە نێوان کورد و عەرەب و تورکمان و ئاشوری و کلدانی و ئەرمەن و پێکهاتەکانی تری گەلی عێراق، لە رێگەی پتەوکردنی گیانی دیالۆگ و پێکەوە ژیان، بە تایبەت لە هەرێم و لە ناوچەکانی جێ ناکۆکی

٤- دیاریکردنی سنوری جوگرافیی هەرێمی کوردستان و چارەسەرکردنی کێشەکانی ناوچەکانی جێ ناکۆکی بەگوێرەی مادە تایبەتەکانی دەستوری عێراق و دیالۆگی هاوبەش لە نێوان دانیشتوانی رەسەنی ناوچەکاندا، بە تایبەت ئەوەندەی پەیوەندی بە پرسی کەرکوکەوە هەیە، چارەسەرکردنی بەگوێرەی مادەی ١٤٠ ی دەستوری عێراق و، چارەسەرکردنی ئەو کێشانەش کە پەیوەندییان بە ناوچەکانی شەنگال و زەممار و تەلەعفەر و شێخان و مەخمور و خانەقین و مەندەلی و ناوچە دابڕێنراوەکانی ترەوە هەیە، بە جۆرێک کە زامنی بەدیهاتنی مافەکانی تەواوی دانیشتوانیان بێ، بە بێ جیاوازی.

٥- کارکردن بۆ هەڵگرتنی زوڵمی نەتەوەیی و ئاینی لەسەر کوردی فەیلی و ئێزیدییەکان و بژاردنەوەی زەرەرو زیانەکانیان و پەرەپێدانی ناوچە ئەسڵییەکانی نیشتەجێبونیان لە روی ئابوری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییەوە.

٦- زامنکردنی مافەکانی گەلی کوردستان، بە تێکڕای پێکهاتەکانیەوە، لە بواری وەرگرتنی پۆستی سیادی و وەزاری و فیدراڵی و کاروباری دارایی و پەترۆڵ دا.

٧- زامنکردنی بەشداریی خەڵکی کوردستان، بە تێکڕای پێکهاتەکانیەوە، لە رێکخراوە ناودەوڵەتیەکان و نوێنەرایەتییەکانی نەتەوەیەکگرتوەکان و کۆمکاری عەرەب و رێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی دا.

٨- دامەزراندنی نوێنەرایەتییەکانی هەرێمی کوردستان لە باڵوێزخانە و کونسولگەرییەکانی عێراق دا و، کاراکردنی رۆڵیان بە شێوەیەکی عادیلانە، دور لە بەشبەشێنەی حیزبایەتی تەسک.

٩- چەسپاندنی زبانی کوردی وەکو زبانێکی رەسمی لەسەر ئاستی عێراق لە دامەزراوە فیدراڵییەکان و لەو کاروبارانەشدا کە دەستوری عێراق بۆی دیاری کردوە.

١٠-كاركردن بۆ ڕێکخستنی هێزی پێشمەرگەو چەکدارکردنی و مەشق پێکردنی بە شێوەیەکی سەردەمیانە و یەکخستنی لە چوارچێوەی هێزی پاسەوانی هەرێم و هێزی پاسەوانی سنور و بەرزکردنەوەی ئاستی گوزەرانی مونتەسیبەکانی بۆ ئاستی مونتەسیبەکانی سپای نیزامیی عێراق، وەکو بەشێک لە سیستمی بەرگریی دەوڵەتی فیدراڵ.

١١-زامنکردنی بەشداری پێکردنی ڕۆڵەکانی گەلی کوردستان، بەتێکڕای پێکهاتەکانیەوە، لە سوپای عێراق و وەزارەتی بەرگری و دامەزراوە فیدراڵییە ئەمنییەکان و هەیئەی ئەرکان و هێزەکانی زەمینی و ئاسمانی و دەریایی دا

١٢-زامنکردنی پشکی کوردستان لە پڕۆژە ستراتیجییە فیدراڵییەکانی کەرتی گواستنەوەی زەمینی و ئاسمانی و هێڵی شەمەندەفەر و کەرتەکانی نەوت و غازو میتاڵ و ئەمبارکردنی ئاو، بە جۆرێک کە ژێرخانی ئابوریی کوردستان ببوژێننەوە.

١٣-کاراکردنی ڕۆڵی (دامەزراوەی گشتیی چاودێری و تەخصیصکردنی داهاتە فیدراڵییەکان) لە پێناو دابینکردنی پشکی هەرێمی کوردستان لە بەخشیش) منح) و کۆمەک و داهاتە داراییە فیدراڵییەکان و زامنکردنی ڕۆشنی و عەدالەت، هەروەکو لە دەستوری هەمیشەیی عێراق دا هاتوە.

## تەوەری سێیەم: چاکسازی کارگێڕی و ئابوری

١- پێڕەوکردنی پرەنسیپی ڕۆشنی لە مامەڵەکردن لەگەڵ بودجەی گشتی، لەبوارەکانی: وردەکارییەکانی بودجە و سەرچاوەکانی و چۆنێتی خەرجکردنی و دابەشکردنی بەسەر کەرتە ئابورییەکان و ناوچەکان و هەرێمەکاندا.

٢- پەرەپێدانی ئابوری و بەڕێوەبردنی گشتی و سامانی گشتی و، ڕزگارکردنیان لە مۆنۆپۆڵ و گەندەڵی. وە هاندانی وەبەرهێنان و تەکنیکی مەعلوماتی و پێشخستنی کەرتە بەرهەمهێنەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و سامانی ئاژەڵ و، هاندان و پەرەپێدانی کەرتی گەشتوگوزار.

٣- دانانی پلانی ستراتیجی بۆ چاککردن و نوێکردنەوەی کەرتەکانی تەندروستی و پەروەردە و فێرکردن.

٤- جێبەجێکردنی پرۆژەی ستراتیجی لە بوارەکانی ڕێگاوبان و نیشتەجێکردن و هێڵی شەمەندەفەر و کارەبا و نەوت و غاز و ئاو و ئاوەڕۆ و پرد و بەنداو دا.

٥- دانانی سندوقێکی تایبەت بۆ یارمەتیدانی جوتیاران و کاراکردنی ڕۆڵی ئەو سندوقە بە جۆرێک کە ببێتە مایەی نیشتەجێکردنەوەیان لە گوندەکان بەشێوەیەکی لایق بە مرۆڤ و، هاندانیان بۆ بەشداریکردنیان لە بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی بەروبومی کستوکاڵ دا، لە پێناوی بوژاندنەوەی ئابوریی گوند و دابینکردنی ئاسایشی خۆراک دا.

**تەوەری چوارەم: دادی کۆمەڵایەتی و پەرەپێدانی سامانی مرۆیی**

١- کارکردن بۆ نەهێشتنی هەژاری و قەیرانی بێکاری لە ڕێگەی دۆزینەوەی هەلی کارەوە بۆ هاووڵاتیان و ئەنجامدانی پرۆژەی گەورەی بوژاندنەوە و پەرەپێدانەوە، وە تەرخانکردنی پارەی پێویست بۆیان لە بودجەی فیدراڵی.

٢- بایەخدان بە منداڵان و لاوان و ئامادەکردنیان لە روی هونەری و جەستەییەوە، ئەویش لە ڕێگەی پێشخستنی کەرتەکانی هونەر و وەرزشەوە و، دابینکردنی هەلی کاری یەکسان بۆ گەنجان لە کەرتەکانی تایبەت و گشتی و تێکەڵاو دا.

٣- جێگیرکردنی سیستمێکی عادیلانە بۆ بیمەی تەندروستی و کۆمەڵایەتی و خانەنشینیی فەرمانبەران و هاووڵاتیانی بەرهەمهێن لە هەردوو کەرتی تایبەتی و گشتی دا، هەروەها بۆ قوربانییانی زیندوی جەنگەکان و قەیرانە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و تەندروستییەکان.

٤- بژاردنەوەی ئابوری ئەو ناوچانەی بەر تاوانەکانی کۆمەڵکوژی کەوتن و، سەرلەنوێ دروستکردنەوەیان بە شێوەیەکی هاوچەرخانە .

٥- پەرەپێدانی زانکۆکان و دامەزراوە ئەکادیمییەکان و ناوەندەکانی دیراسات و لێکۆڵینەوە و، کارکردن بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی یان و، قەدەغەکردنی دەسوەردانی حیزب لە کاروباریان و، زامنکردنی سەربەخۆیی یان و، دابینکردنی بودجەی تەواو بۆیان.

٦- بە عادیلانە دارشتنەوەی سیستمی موچە و خانەنشینی و دەرماڵە و ئیمتیازات و، دیاریکردنی لانی زۆری ژمارەی پاسەوان و بڕی نەسریە و ئیمتیازاتە تایبەتییەکانی بەرپرسەکان.

٧- کارکردن بۆ نەهێشتنی هەمو جۆرەکانی توندوتیژیی جەستەیی و دەرونی و، جیاکاری دژی منداڵان و ئافرەتان و خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان و بەساڵاچوان و پەککەوتەکان و توێژە پەراوێزخراوەکانی تری کۆمەڵ.

٨- بایەخدان بە رەوەندی عێراقی لە دەرەوەی وڵات و، خۆشکردنی زەمینەی کۆچی پێچەوانەی ئارەزومەندانە بۆیان، بەتایبەتی بۆ زاناو پسپۆڕ و شارەزاکانیان، لە پێناو بەشداری پێکردنیان لە دروستکردنەوەی ژێرخانی ئابوری و زانستی و مرۆیی وڵات دا.

٩- دابینکردنی ئازادیی رادەربڕین و پشتیوانیکردنی پرۆژەکانی رۆشنبیری و هونەری و میدیایی ئازاد و هەڵگرتنی کەندو کۆسپەکانی سەر رێگەیان و، ، پاراستنی شوێنەوار و شوێنە مێژوییەکان و تەعمیرکردنیان.

١٠- پاراستنی ژینگەو کارکردن بۆ بڵاوکردنەوەی رۆشنبیریی ژینگەپارێزی سەبارەت بە مەترسیەکانی پیسبونی ژینگەو شۆرەکات و بە بیابان بون و پاراستنی جەنگەڵەکان و سروشت و، فراوانکردنی روبەری سەوزایی و قەدەغەکردنی ژاکاندنی.